# بۆ رای گشـــــتی

**بۆحزب و لایەنە سیاسیە تێکۆشەرەکان**

**جەماوەری گەلی کوردستان**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان**

**کادر و ئەندامانی پارتمان پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان**

به گرنگمان زانی لەو رونکرنەوەیەدا هەڵوێستی خۆمان بە هەموو لایەك رابگەیەنین و راوەستان لەسەر دەرهاوێشتەکانی بکەین. وەك ئاشکرایە بزووتنەوەی جوتیارانی کوردستان بەرهەم و زادەی چەوسانەوەی چینایەتی بوو لە کوردستان کە ساڵی١٩٩٣ یەکەم چەخماخەی راپەرینی لێداو دواتر لە ١٩٩٥/٢/١ لە کۆنفراسی دامەزراندنی خۆیدا وەك رێکخراوێکی سیاسی هاتنە مەیدانی خۆی راگەیاند و زۆر شلێرگیرانە لەو پێناوەدا خەباتی بێ وچانی کرد تاکو ١٩٩٥/٨/٣٠یەکیەتی نیشتمانی کوردستان هەڵیکوتایە سەر بنکەو شوێنە ئەساسیەکانی بزووتنەوەکەمان و شەهیدی سەرکردەی رێبازی چینایەتی مامۆستا ئەمین و بەکر ئیسماعیل کادیری پیشکەوتوی بزووتنەوەکەمانیان شەهید کرد...
دەکرێ بلێین بزووتنەوەی جوتیاران لە مێژووی دورو نزیکی خۆیدا زۆر هەورازو نشێوی سەخت و خوێناوی بڕیوە لە پێناو بە روونی دیار بوونی ئاسۆو ئامانجەکانی و بە لارێدا نەبردنی ئەو سیاسەتە دیارو بەرچاوەی کە هەی بوە لە پێناو هەلتەکاندنی پاشماوەی دەرەبەگایەتی لە کوردستان و دەستەبەر کردنی ماف جوتیاران و رەنجدەرانی گەلەکەمان...
بۆیە لە رونکرنەوەیەکی ئاوا کورتدا ناتواندرێت بە تێرو تەسەلی هەموو لایەنەکان باس بکرێت بەڵام بەلێن بە کادیرو ئەندامانی پارتمان دەدەین کە لە رۆژانی داهاتوو پەرتوکێکی قەبارە مامناوەندی بە ناوی(پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان و ئاراستە سیاسیەکانی)دەخەینە بەردەستتان...
جەماوەری گەلەکەمان
کادیر و ئەندامانی پارتمان
پێمان خۆش نەبو کێشەی پەنگ خواردوی ناوخۆی پارتمان بگاتە ئەوەی هەلوێستی خومانی لەسەر رابگەیەنین چونکە پەیامی ئێمە پەیامی یەکبوون و یەکگرتنەوە بو لەگەڵ لایەنە چەپ و دیموکراسیخوازەکان، بەڵام نەبوونی پەیرەوی دیموکراسی و دەسەڵاتی تاك ڕەوی و حساب نەکردن بۆ هیچ ئۆرگانێك و دروست کردنی کادر وەك ئەلتەرناتیڤ لە بەرامبەر کادرە دلسۆزو ماندوەکان مایەی هەلوێست وەرگرتنی ئێمە بوو...
دەکرێ بلێین دوای کۆنگرەی بزووتنەوەی جوتیاران کە لە رۆژی ٢٠٠٦/٧/١٣بەسترا و ناوی بزووتنەوە گۆرا بۆ پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان کێشەکان زیاتر زەق بونەوە چونکە نەتوانرا دەرهاوێشتەکانی ناو کۆنگرە سرووشتی خۆی وەربگرێت و پارتمان سیاسەتێکی کۆنکرێتی لەسەر بینا بکات، وە شەرعیەت دان بە کۆمەڵێك خەلکی نا دلسۆزو نا سیاسی بۆ کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی بە هۆی ئیشی پێشوەختە جێگای سەرنجی جدی ئێمە بووە، هەر ئەوەش بووە وای کردووە لە ماوەی چوار ساڵی رابوردودا هەشت هەڤاڵ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لە ناو بوتنەوەی جوتیاران کۆتاییان بە ژیانی سیاسی خۆیان هێناوە...
لەگەڵ رێزمان بۆ چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی کە دلسۆزانە کارەکانی خۆیان رادەپەرێنن بەڵام بە داخەوە لە پەنجەکانی دەست زیاتر تێ ناپەڕن. لەهەمان کاتدا راوەستانی جدی لەسەر فایلی سیخوری بایز مەحمود ناسراو بە هاوکار دەکەین کە لە رۆژنامەی هاووڵاتی ژمارە(٣٠٩)دەرچوی رۆژی٢٠٠٧/١/١٧بڵاوکرایەوە چونکە بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەی ناوەندی بە پەلەو گومانەوە کۆبونەوەی نا ئاسایی گرێ داو رێك کەوتین لەسەر ئەوەی گومانمان لە بایز مەحمود نەبێت هەرچەند ئەوەش هەندێ کێشەی لێ کەوتەوە کە لەوەخت و ساتی خۆیدا باسی دەکەین، وەك دیارە عوسمان خدر ناسراو بە (کارۆخ)کە ئەو کات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بزوتنەوەی جوتیاران بوو بە پێی ئەوەی لە دیکۆمێنتەکەدا هاتوە پارەی بە ناوی بزوتنەوەی جوتیارانەوە لە رژێمی بەعس وەرگرتوە لە هەمان کاتدا بە پێی

نوسراوی بەرێوەبەرایەتی ئیستیخباراتی عەسکەری ژمارە(٦١٢)کەتێیدا هاتووە بایز مەحمود ئامادەی هاوکاری کردنی بۆ رژێمی بەعس دەربڕیوە لە دوای ئاشکرا بوونی مەلەفەکە هیچ رێوشوێنێکی یاسایی نەگیراوەتە بەر بەرامبەر(کاروخ)، بۆیە ئەو مەسەلە بۆتە جێگای پرسیاری ئێمەو زۆر لە کادرە دلسۆزەکان.

لێرەوە رایدەگەیەنین دوای چەندین کۆبونەوەی گرژ و گوێنەدان بە رەئی هەڤالانمان ئێمە لە رۆژی ٢٠٠٧/٣/٨ ئیلتزامی خۆمان بە سەرکرداەیتی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستانەوە پساند، بۆ ئەو مەبەستەو بە حوکمی ئەو هاوپەیمانیەتە نزیکەی پارتمان لەگەلْ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیەتی هەر لەو بەروارەی سەرەوە لایەنە پەیوەندداره بالاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان مان ئاگادار کردۆتەوە...

وە پێویستە هەموولایەك بەرچاو روون بێت لەوەی کە بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ، چونکە ئێمە شەرعیەتمان لە مێژووی پر لە سەروەری و بیْ گەردی خۆمان و کادرە دلسۆزەکان وەرگرتوە، ئیلهام و سەر مەشقی خەباتی ئێمە لە پێناو داکۆکی کردن لە جوتیاران و رەنجدەرانی گەلەکەمان لە شەهیدانی سەرکردەو خۆبەخت کردو مامۆستا ئەمین و شەهید حەمەرەش و سوارە بابەکرو حاجی حسین بێخرەیی و سەرجەم شەهیدانی رێبازی پیرۆزی چینایەتی وەرگرتوە، بۆیە خۆمان و ئەو خەلْکە دلْسۆزە بە خاوەنی ڕاستەقینەی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان دەزانین و لەو پێناوەدا جارێکی دیکە ئامادەین خوێنی خۆمان لە سەنگەری داکۆکی کردن لە مافی هەژاران و زەحمەتکێشان برێژین...

لێرەوە داوا لەو کادرو ئەندامانە دەکەین کە بروایان بە گۆڕان ونوێبوونەوە هەیە لەم قۆناغە هەستیارەدا دان بە خۆیان دا بگرن، چونکە ئەو قۆناغە راگوزاریە بروسکە ئاسا گوزەر دەکات، ئێمەش بەلێن بەو خەلْکە دلسۆز و خاوەن رەئیانە دەدەین کە جودابوونەی خۆمان لە فەزای پر لە ئازادو سەربەستی دا رادەگەیەنین و درێژە بە کاروان دەدەین تا سەرکەوتنی یەکجارەکی...

وە ئەو هەڤالانەی دەیانەوێت لە پەیوەندی دابن لەگەلْمان پەیوەندی بگرن لەگەلْ ئیمێلی ئەلیکترۆنی:-

Inter_reform@yahoo.com

بێتە دی سەربەخۆیی.. ئازادی..دادی کۆکەلایەتی

بژی ریفۆرم لە پێناو کاری رێکخراوەیی مۆدێرن

بژی کورد...بژی کوردستان

هەولێر

باشوری کوردستان

٢٦ئاداری٢٠٠٧

بەشێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و

کۆمیتەی ناوەندی

پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان